# چۆن بینای قوتابخانەکان زیاد بکەین؟

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

من کەمبوونی بینای قوتابخانەکان بەگرفتی گرفتەکان دەزانم و کاریگەرییەکانیشی بەسەر مامۆستاو خوێندکارەکانەوە زۆر بەروونی دیارە. ساڵانێکی زۆرە ئێمە دەزانین ئەو گرفتە گەورەیەمان هەیەو هیچێکی ئەوتۆی بۆ ناکەین. رۆژانە چەندین بینای گەورە بەئاسماندا دەچن بەبێ ئەوەی بەشێکی بەرچاویان قوتابخانەبن. من چ لەنووسینەکانمداو چ لەدیدارەکانیشمدا لەگەڵ بەرپرس و وەزیرو کارمەندە حکومی و پەروەردەییەکاندا باسی ئەم گرفتەم کردووەو وەڵامەکانی ئەوانیش هیچی لەو وەڵامانە جودانەبوون کەبەرپرسەکان رۆژانە لەمیدیاکاندا باسیان دەکەن. پێم خۆش بوو بەرێز نێچیرڤان بارزانی بەر لەماوەیەک پێشنیاری ئەوەیکرد کەدەوڵەمەندە کوردەکان دەبێ لەدروستکردنی بینای قوتابخانەکاندا بەشداری بکەن. من هیوادارم سەرەک وەزیران بەشێوەیەکی فیعلی کار لەپێشنیارو چارەسەری دیکەش بکات. لەدوا دیدارمدا لەگەڵ وەزیری پەروەردە لەساڵی 2005 دا باسی ئەم گرفتانەمان کردو بەئاشکرا ئەوەم پێ راگەیاند کەزۆربوونی بینای قوتابخانەکان گرفتێکی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکات. لەبەرامبەر پرسیارێکی ئەودا هەندێ پێشنیارم باسکرد کەباسکردنی یەکێکیان لەلایەن نێچیرڤان بارزانیەوە ئەوەی بیرخستمەوە لێرەدا باسی ئەوانی دیکەش بکەم بۆ ئەوەی کاریان بۆ بکرێت. من دەزانم ئێمە پێویستمان بەبینایەکی زۆر هەیەو هەموو ئەو ئەرکەش کاری سەرەکی حکومەتە. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعیانە تەماشای ئەم گرفتە دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کەلەتوانای حکومەتدا نیە هەموو ئەو بینایانە بەیەکجار دروست بکات، بەڵام دەبێ حکومەت پلانێکیمان بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بزانین ساڵانە چەند بینا دروست دەکات کەی ئەم گرفتە کۆتایی پێدێت. یەکێک لەو پێشنیارانەی من ئەوەبوو کەسەرۆکی حکومەت خۆی بانگی دەوڵەمەندەکانی کوردستان بکات و داوای ئەوەیان لێبکات هەر دەوڵەمەندێک قوتابخانەیەک دروست بکات و ناوی قوتابخانەکانیش بەناوی ئەوانەوە بێت. دیداری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندانەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی حکومەت تەنها لەتەلەفیزیۆنەوە پێیان بڵێت فەرموون قوتابخانەمان بۆ دروست بکەن. من سازدانی ئەو دیدارە بەگرینگ دەزانم چونکە لەوانەیە لەو دیدارەدا ئەوان داوای ئەوە لەسەرۆکی حکومەت بکەن کەهەندێ بەڵێنیان پێبدات و لەهەندێ بواردا یارمەتیان بدات، بۆنموونە لەوەرگرتنی باج، پێدانی مقاوەلات، رەخساندنی کەرەسەکانی کار بەنرخێکی هەرزانتر، هێنان و بردنی هەندێ کەرەسە لەدەرەوەی کوردستان ... هتد. من پێم وایە حکومەت لەم بوارەدا دەتوانێت بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەندەکان رابکێشێتە ناو ئەم پرۆژەیەوە. ئەگەر ئەمەش ناکرێت هەر چوار دەوڵەمەندێک بەیەکەوە با قوتابخانەیەک دروست بکەن. ئەگەر نا حکومەت دەتوانێت بەهاوبەشی لەگەڵ ئەواندا قوتابخانە دروست بکات، بەم شێوەیە حکومەت لەبری ئەوەی بەتەنیا خۆی سەد قوتابخانە دروست بکات ئەو کاتە دەتوانێت دووسەد دروست بکات. ماوەیەک لەهەولێر ئەوە هەبوو هەر کەسێک مزگەوتێک دروست بکات حکومەت لەباجەکانی خۆش دەبێت. حکومەت ئێستا دەتوانێت ئەو مزگەوتە بگۆرێت بۆ قوتابخانە. برگەیەکی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان باس لەوەبەرهێنان دەکات لەبواری پەروەردەدا. ئەم برگەیە دەتوانێت بەشێک لەگرفتەکانمان کەمبکاتەوە. من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەحکومەت بەشێوەیەکی جیدی داوا لەکەرتی تایبەت بکات کەبینای قوتابخانە دروست بکەن و دواتر وەزارەتی پەروەردە بەکرێیان بگرێت.

پێشنیارێکی دیکەم بۆ حکومەت ئەوەیە کەهەولی دروستکردنی قوتابخانەی دار بدەن (کەرەڤان). قوتابخانەی دار بەبەراورد لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا کەبەبەردو چیمەنتۆ دروست دەکرێن دوو خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە، یەکەمیان ئەوەیە پارەیەکی زۆر کەمی تێدەچێت. بەشێوەیەکی دی بەپارەی یەک قوتابخانەی ئاسایی دەتوانین بیست قوتابخانەی دار دروست بکەین. دووەمیان ئەوەیە کەرەڤان بەماوەیەکی یەکجار کورت تەواو دەبێت. پێشنیارێکی دیکە ئەوەیە لەناو هەر قوتابخانەیەکی ئێستادا دەتوانین چەن پۆلێکی نوێ لەدار دروست بکەین، بەمەش دەتوانین ژمارەی ناو پۆلەکانی ئێستامان کەم بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە حکومەت دەبێ لەگەڵ ئەو وڵات و رێکخراوە بیانیانەدا کەبریاریان داوە یارمەتی کوردستان بدەن هەوڵی ئەوە بدات کەدروستکردنی قوتابخانە بەشێک بێت لەیارمەتی ئەو وڵات و رێکخراوانە. دەشکرێ سەرجەمی ئەم پێشنیارانە لەیەک کاتدا کاریان پێبکرێت.